نزای: (اللهم إن فلان ابن فلان في ذمتك وحبل جوارك، فقه فتنة القبر، وعذاب النار، وأنت أهل الوفاء والحمد؛ اللهم فاغفر له وارحمه، إنك أنت الغفور الرحيم)

له واسیلەی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆ کردین بۆ نوێژکردن لەسەر پیاوێک لە مسوڵمانان، گوێم لێبوو کە دەیفەرموو: «(اللهم إن فلان ابن فلان في ذمتك وحبل جوارك، فقه فتنة القبر، وعذاب النار، وأنت أهل الوفاء والحمد؛ اللهم فاغفر له وارحمه، إنك أنت الغفور الرحيم)*». *(خودایە، فلّانی کوڕی فلّان لە ژێر پاراستن وڕەحمەتی تۆدایە، بۆیە بیپارێزە لە فیتنە وتاقیکردنەوەی ناو گۆڕ، وسزای دۆزەخ، تۆ خاوەنی پەیمانیت وشایستەی سوپاس وحەمد کردنیت، خودایە لێی خۆش بە وڕەحمی پێبکە، تەنها تۆ لە بەندەکان خۆش دەبیت وڕەحمیان پێدەکەیت -الغفور والرحيم- یت)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد لەسەر جەنازەی پیاوێک لە مسوڵمانان، پاشان فەرمووی (ئەم واتایە دەگەیەنێت): خودایە، فلّانی کوڕی فلّان لە ژێر پاراستن وڕەحمەت وداوای لێخۆشبوونی تۆدایە، بۆیە بیپارێزە لە فیتنە وتاقیکردنەوەی ناو گۆڕ کاتێک فریشتەکان پرسیاری لێدەکەن، ولە سزای دۆزەخ ڕزگاری بکە، تۆ خاوەنی پەیمانیت وهەرگیز پەیمان ناشکێنیت وشایستەی سوپاس وحەمد کردنیت، وهەق وڕاستی ڕەها تەنها لای تۆیە وتۆ خاوەنیت، خودایە لێی خۆش بە وڕەحمی پێبکە، تۆ خاوەنی لێخۆشبوونی زۆریت لە گوناهەکان، وهەروەها خاوەنی ڕەحمەتی زۆریت بە قبوڵکردنی پەرستنەکان وچەندجارکردنی چاکە وپاداشتەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5022